# ئۆپۆزیسۆن و دەستەڵات لەدوو بازنەی جیاوازو بەیەکداچوودا



ڕێکار ئەحمەد

ئەگـــەر ســـەنگەری دەســـتەڵات بەبازنەیەك‌و سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن بە بازنەیـەكی دیكـەی جیـاواز بچـوێنین، هێشـتا خـاڵی یـەكتربڕو گۆشـەی بەیەكداچوو لەنێوانیاندا بەرچاو دەكەون. خاڵـە هاوبەشـەكان لەبەرژەوەندیـە باڵاكانی گەل‌و نیشتماندا چڕ دەبنەوە، گۆشە بەیەكداچووەكانیش لەشێوازی ئەو پەیامە خۆیا دەبن كە هەردوولایەن لەلووتكـەی ئارمانجەكانیانـدا دیاریـان كـردووەو بـۆی تێدەكۆشـن. سـەرباری ئەوانەشـەوە پڕۆسـەی كێبـەركێ وەك پڕۆسـەیەكی زینـدوو لەگەڵیانـدا بـاڵا دەكات‌و گەورە دەبێ. هەر جۆرە پاساو هێنانەوەیـەكیش بـۆ قۆناغبەنـدی ئـەو كێبەركێیە پوچ‌و بێ بنەما دەمێنێتەوە.

ئۆپۆزیسـۆن بـە ڕەوتـی ئـەرێنی‌و نەرێنی خۆیەوە هەوڵدەدات بوونی خـۆی بسەلمێنێ‌و بەرنامـەی خـۆی بخاتـە ڕوو، بـەو شـێوەیەی كـە دەیـەوێ خزمـەتگوزاربوونی خـۆی پێشـان بـدات. حكومـەت‌و دەسـتەڵاتیش جگـە لەخزمـەتگوزاری‌و پاسـەوانی كـردن لـەگیانی مرۆڤـەكان‌و خـاكی نیشـتمان ئـەرك‌و ڕۆڵێكـی دیكـەی نیـە، ئەگـەر دەسـتەڵات تـەنیا بـۆ فـەرمانڕەوایی‌و خۆسـەپاندن‌و پـاوانخوازی بـێ، هاوێركـاری‌و جیاكـاری پـەیڕەو بكـات، هەسـتی ناحـەزی‌و دوژمنایـەتی لـەنێو هەناوی كۆمەڵگەدا دروست دەكات.

لەو وڵاتانەی كە ئۆپۆزیسیۆن ناچار دەكرێن یان خۆیـان سـەنگەری نـەرێنی هەڵدەبـژێرن، شـەڕو مـاڵوێرانی‌و كاولكاریان لێدەكەوێتـەوە، كۆمەڵگە بـۆ دواوە دەگەڕێتـەوەو بـە پاشـكەوتوویی دەمێنێتـەوە، كەچـی لـەو كاتانـەی كـە ئۆپۆزیسیۆن ڕۆڵی ئەرێنی كایە دەكات، كۆمەڵگـە بـەرەو پێشـەوە هـەنگاو هەڵدەگرێتەوە، وڵات ئاوەدان دەبێتـەوە، ئاسـوودەیی‌و بەختـەوەری بـاڵ بەسـەر نیشتماندا دەكێشێ.

جاران لەكوردستان‌و عێراقدا چونكە ئەقڵیـەتی حزبـی سـەركردەو سـەرۆكی فەرمانـدە بـرەوی پێـدرابوو، جگـە لـە نـەرێنیبوون (سـلبی– پاسـیڤ) هـیچ دەرفـەتێكی دیكـە لەبـەردەم ئۆپۆزیسیۆندا نەمابۆوە. هەموو حزبەكان یان دەستەمۆكراوی دەستەلاتبوون یان سەنگەری نەرێنی بوونیـان هەڵبـژاردبوو، دەسـتەڵاتیان ڕەت كردبـۆوە، لەڕێگـەی شـێوازەكانی تێكۆشـانەوە هـەوڵی ڕووخانـدن‌و لـەبێن بردنـی دەسـتەڵاتیان دەدا، ئەمـەش كوشـتارو دوژمنایـەتی لێوەبەرهەم هاتبوو، بۆیە ئـەو حزبانـەی كـە ئێسـتا دەسـتەڵاتدارن‌و جـاران دەستەڵاتداری داگیركەر ناچاری كردبوون كـە سـەنگەری ئۆپۆزیسـیۆنی نـەرێنی (سـلبی) هەڵبـژێرن، بەهـەمان لۆژیـك‌و ڕامانەوە لەهێزی ئۆپۆزیسیۆنی بەرانبـەر بە خۆیان دەڕوانن. لەو سۆنگەیەوەشەوە شاڵاوێكی توونـدیان دژ بـە ئۆپۆزیسـیۆن دەسـت پێكـردووە، ئامـادەن بەهـەر شێوازێك كـە بۆیـان بكرێ ئۆپۆزیسـیۆن لەبەرچـاوی خـەڵك ڕەش بكـەن، ناونـاتۆرەی وەپـاڵ بـدەن‌و بەدەسـتی دەرەكـی تۆمـەتباری بكـەن. وابڵاو دەكەنـەوە ئەگـەر ئۆپۆزیسـیۆنیش دەستەڵات بگرێتە دەست لـەوان باشـتری پێنـاكرێ‌و لـەوە خزمـەتگوزارتر نـابێ. ئەوانەی ئەمڕۆ بەمەبەستی بێدەنگكردنی ئۆپۆزیسـیۆن شـاڵاوی تۆمـەتباركردنیان دەسـت پێكـردووەو تیـۆری قۆناغبەنـدی دادەڕێـژن، لەیـەك سەرچـاوە فرچـك دراون‌و بەسەر دوو دەستە دابەش دەبن:

دەستەی یەكەم، ئەوانەی كـە لـەنێو حزبـە دەسـتەڵاتدارەكانەوە باوەڕیـان بەدیموكراسـی‌و دەستاودەسـتكردنی دەسـتەڵات نیـە، لـەقوڵایی باوەڕیانـەوە سەرسـەختانە دژایـەتی ئۆپۆزیسـیۆن دەكـەن، لـەدەربڕینی ڕامـانی ئـازادو ڕۆژنامەگـەری ئـازاد هەترەشیان چووە، دەیانـەوێ بەیاسـای كۆنەپەرسـتانە سـنووردارو دەمكوتیـان بكـەن، هەوڵـدەدەن دەنگـە نـاڕازی‌و ڕەخنـەگرەكان بخنكێـنن. كاتێـك لەبـەر ڕەوشی هەرێمی‌و نێودەوڵـەتیش نـاتوانن هەڵمەتی گـرتن‌و كوشـتن‌و ڕاونـان درێـژە پێبدەن، لەدژایەتیكردنی ئۆپۆزیسیۆندا بێـوەڵام دەمێننـەوە، پـەنا بـۆ چەواشـەكاری دەبـەن، ئۆپۆزیسـیۆن بەدەسـتی دەرەكـی‌و تـابووری پێنجـەم تۆمەتبار دەكەن.

دەسـتەی دووەم، ئەوانـەی كـە لـە لێكدانـەوەی سیاسـی‌و خوێندنـەوەی هاوكێشـەی نـاوەخۆیی‌و دەرەكیـدا كۆڵـەوارن، سـادە هـزرو كـورتبین‌و هەناسەسـوارن، لـەژێر كاریگـەری ڕاگەیانـدن‌و پـەیامی چەواشـەكاریدا هـەمیش ڕەوشـی بزاڤـی ڕزگـاریخوازیی بەناسـك‌و كـاودانی نـاوەخۆی كوردسـتانیش بەهەسـتەوەری دەبیـنن، قۆنـاغی سـەردەمی شاخ‌و شار لەیـەكتر هـاوێر ناكـەن، لـەنێو فێرگـەی ئۆپۆزیسیۆنی نەرێنیدا پەروەردە كـراون، ئەوانـە لـەنێو حزبـە دەسـتەڵاتدارو ئۆپۆزیسیۆنەكانیشـدا بوونیـان هەیـەو مۆڵیـان خـواردووە، زۆر بەئاسـانی دەجولێندرێن‌و گاڵتـە بەهەست‌و هزریان دەكـرێ، هەمیشـە نیگـەران‌و ڕاڕان، لەگێـژاوی دەروونیـدا نغـرۆ كـراون، بـە پـارێزەوە هـەنگاو هەڵدەگرنـەوەو بەخشكەیی دژایەتی ئۆپۆزسیۆن دەكەن.

ژیـانی فرەحزبـی‌و سیسـتەمی دیموكراسـی لـەنێو هـەناوی خۆیـدا ئۆپۆزیسـیۆن بەرهـەم دێنـێ‌و زەوینـی ڕاستین بـۆ كێبـەركێ نێوان دەستەڵات‌و ئۆپۆزیسـیۆن دروسـت دەكـات، هەردوولایـەن لەمەیـدان ڕادەگـرێ‌و پێشبڕكێیان پـێ دەكات. ئۆپۆزیسیۆنی ئـەرێنی (ئیجـابی– پـۆزەتیڤ) دەخـولقێنێ. ئۆپۆزیسـیۆنی ئـەرێنی لەمەسـەلە نەتـەوەیی‌و نیشـتمانیەكاندا هاوكاری لەگەڵ دەستەڵات دەكات، یـەك وتـاری سیاسـی‌و یـەك سـەنگەری هەڵدەبژێرێ. ئەگـەر گوشـاری دەرەكـی، یـان هێرشـی ناحـەزو نـەیارانی نەتـەوەو نیشـتمان هـەبێ، ڕاشـكاوانە پشـتی دەستەڵات دەگرێ‌و پاسەوانی لەنەتەوەو نیشـتمان دەكـات، كەچـی لەڕەوشـی ئاسـاییدا پـێ لەسـەر بەرنامـەو داخوازیـەكانی خـۆی دادەگـرێ، پـەیامی خـۆی بـڵاو دەكاتـەوە، ڕەخنـە لـەكردەوەكانی حكومـەت دەگـرێ‌و هەوڵـدەدات دۆست‌و لایـەنگر بـۆ خۆی‌و بەرنامەكـەی كۆبكاتـەوە. كردەوەكـانی حكومـەت دەخاتـە ژێـر وردبینـەوە، گەندەڵیـەكانی دەسـتەڵات ئاشـكرا دەكات. ئەمە تەنیا لەبەرژەوەندی باڵای گەل‌و نیشتماندایە، نە هاوكاری بێگانـەی لەگەڵدایەو نە بۆ بەرژەوەندی دەرەكیش بەرێوەدەچێ.

لەهـەموو كـات‌و شـوێنێكدا ئـەو حزبانـەی لەسـەر ئایـدۆلۆژیایێكی تاكپەرستی‌و ڕەتكردنـەوەی بەرانبـەر ڕاهێنراون، ئۆپۆزیسیۆن پەسند ناكـەن‌و بەتووندی دژایـەتیان دەكـەن. حزبـە كلاسیكی‌و پاوانخوازەكان تەنیا ئەو كاتە ئۆپۆزیسیۆنیان قەبوڵە كە پاشكۆ بێ‌و لەهـەموو هەنگاوەكاندا چەپڵە لێبدات. دەستەڵات‌و پاشكۆكانیش بۆ بەرتەسك كردنـەوەی دیموكراسـی دەسـت بـەكار دەبن.

حزبـی دەسـتەڵاتداری بـاش ئـەو حزبەیە كە لەتـەك باشی بەرنامەكەیدا كـردارو ڕەفتارەكانیشـی باشـن، خزمـەتگوزارەو جیاكـاری لـەنێوان تاكـەكانی كۆمەڵگـەدا ناكـات. گـوێ لەداخوازیـەكانی جـەماوەر دەگـرێ‌و پێویسـتیەكانیان مسـۆگەر دەكـات، پۆلیس‌و ئاسایش‌و سوپا لەسـەر بنـەمای حزبایەتی پێكناهێنێ‌و دەست ناخاتە ناو كاروبارییانـەوە، پـیرۆزی زانسـتگەو زانكۆكـان لـەژێر پـێ نـانێ‌و سـەروەری دادگـە لەكـەدار ناكـات، سـاختەكاری لەهەڵبژاردنەكانـدا ناكـات، حزبـی ئۆپۆزیسیۆنی باشیش ئەو حزبەیە لەتەك بەرنامە باشەكەیدا هەڵـەو كێماسیەكانی حكومـەت ئاشكرا دەكـات، ڕەخنـەیان لێدەگرێ‌و پێشنیاری بەجێ دەخاتەڕوو. دەستەڵات‌و ئۆپۆزیسیۆن كە ئامانجیان خزمەتكردنی كۆمەڵگەو نیشتمانە، دەبێ بـۆ بـەرەو پێشـەوەبردنی كۆمەڵگـەو ئاوەدانكردنـەوەی وڵات بـە بەرنامـەو كردەوە كێبەركێ بكەن. بوونی بەرنامەی بـاش ئەگـەر كـردەوەی باشـی لەگەڵـدا نەبێ‌و ڕاستگۆیی‌و كرانەوە لەكارەكانیدا نـەبێ، حزب ناكاتـە هێزێكـی بـاش‌و خزمەتگوزار.

كاتێـك دەسـتەڵات بـەبیانۆی جۆراوجۆرەوە خۆشخزمەتی بـەدوژمن‌و ناحەزانی گـەل‌و نیشـتمان دەكات‌و ئۆپۆزیسـیۆنیش لێـی بێـدەنگ دەبـێ، واتـای ئەوەیـە كـە ئۆپۆزیسـیۆن ئارەزوومەندانە شانی خۆی نزم دەكات‌و بەشێك لەتاوانەكانی لێوەردەگرێ. كاتێك دەسـتەڵات گەنـدەڵی‌و سـاختەكاری دەكـات، ئۆپۆزیسـیۆنیش لێـی بێـدەنگ دەبێ، واتای ئەوەیە ئـەویش گەنـدەڵی‌و ساختەكاریەكانی لاپەسندەو خۆویستانە بەرپرسیارێتی بەشێك لەگەندەڵیەكانی لە كۆڵ دەكاتەوە.

دەسـتەڵات مـافی خۆیـەتی ئەگـەر پاساوی بـەجێ یـان بێجـێ بـۆ تـەواوی بەرنامەو كردەوەكانی خـۆی بهێنێتـەوە، لەهـەمان كاتیشـدا ئۆپۆزیسـیۆن مـافی خۆیەتی كە پاساوی بەجێ یان بێجێ بۆ ڕەتكردنەوەی تەواوی بەرنامەو كارەكانی دەسـتەڵات بهێنێتـەوە. ئۆپۆزیسـیۆنی ڕاسـتەقینە نـابێ دڵـی بـە بەرنامـەو كردەوەكانی دەستەڵات خۆش بێ‌و باوەڕ بـەخۆی بهێنـی كـە دەسـتەڵات باشـی كردەوە، بەڵكو دەبێ چاوەڕوانی زۆرتری لێ بكات‌و داوای زیاترو باشتری لێبكات. بـۆ نموونـە ئەگـەر دەسـتەڵات باسـی دیموكراسی‌و دیاردەی فرەحزبی‌و ئازادی ڕۆژنامەوانی دەكات، دەبێ ئۆپۆزیسیۆن بـە بەڵگـەوە پـێی بسـەلمێنی كـە دیموكراسـەكەی دەسـتەڵات بەرتەسك‌و سـنووردارە، فرەحزبـی بـە مـەرجی پاشكۆیەتی برەوی پێدراوە، هێڵی سوور بۆ ڕۆژنامەوانی دیاریكراوە.

ئەگەر دەستەڵات باسی یەكسانی‌و دادپەروەری كۆمەڵایـەتی دەكات، دەبێ ئۆپۆزیسـیۆن تێـی بگەیـەنێ كـە دامودەزگاكانی حكومـەت بـۆ ئەندامانی حزب قۆرخ كراون، سیاسەتی هاوێركاری پەیڕەو دەكرێ، گیرفانی ئەندامانی حزبە دەستەڵاتدارەكان پڕ كراون‌و ئاوساون، كەچی گیرفانی جەماوەر بڕدراوە، بـەتاڵ كراوەتـەوە. دەبـێ ئۆپۆزیسـیۆن ڕاوەستاوانە پێ لەسەر ئەوە دابگرێ كە جەماوەر لەنێو قـەیرانی نیشتەجێبوون‌و گرانی بازاڕدا، لەنێوان بەرداشی نـەبوونی ئاوو كارەباو نەبوونی سووتەمەنیدا گیری خـواردووە، كەچـی دەسـتەڵاتداران ئـەو قەیرانانە ناناسن‌و هەستی پێ ناكەن.

حزبـە كۆنـەپارێزو پاوانخوازەكـان بەشـێوازی جۆراوجـۆرەوە پارێزگـاری لەكورسـی دەسـتەڵات دەكـەن، ئۆپۆزیسـیۆنیش دەبێ بەشـێوازی جۆراوجـۆرەوە هـەوڵ بـدات دەسـتاو دەستكردنی دەستەڵات بكاتە دیفاكتۆ.

# بێ متمانەیی لەنێوان هاوڵاتیان‌و دەسەڵات دا



جەوهەر میراودەلی

بـارودۆخ‌و هـەل‌و مـەرجی دوای 15 ساڵ ئـازاد بـوونی باشـووری كوردسـتان‌و بـــەڕێوەبردنی لەلایـــەن هێـــزە دەسەڵاتدارەكانی ناو خۆییەوە، كت‌و مت چیرۆكی (مەلەوانە درۆزنەكەو هاوڕێكانی) مان بیر دەخاتەوە. دەگێڕنەوە كـە چـەند برادەرێك بـۆ مەلـە كـردن دەچـنە سـەر ڕووبارێك یەكێ لەوان چەند جارێك بە درۆ هاوار بۆ برادەرەكانی دەكات فریام كـەون خنكـام هـەموو جارەكـان برادەرەكـانی دەگەنـە هـانی، بـەڵام كە نزیك دەبنـەوە لێی قاقا پێ دەكەنی‌و دەڵێ گاڵتـەم پـێ كردن، تاسەرئەنجام جارێكیـان بەڕاسـتی قاچـی دەتـرازێ‌و دەكەوێتـە تەنگانـەو دەست دەكـات بەهاوار هـاوار، بـەڵام بێ سـوود دەبـێ، هاوڕێكـانی متمانـەی پـێ ناكەن‌و لەپاشاندا دەخنكێت..

ئێستاش دوای 15 ساڵ ئازاد بوونی ئـەم پارچـەیەی كوردسـتان لەدەسـەڵاتی داگیركەرو بڕینی چەندین هەورازو نشـێو، تۆماری دەیـان ڕووداوو كارەسـاتی جـۆراو جـۆر لـەژیانی سیاسـی‌و كۆمەڵایـەتی دانیشتووان، كار بەوە گەیشتووە كە هـیچ جۆرە متمانەیەك لـەنێوان سـەرەتا، هێـزو ڕێكخـراوە سیاسـی‌و كۆمەڵایەتییـەكان لەلایەك‌و خەڵك‌و دەسەڵات لەلایەكی تـرو هـــەروەها خـــەڵك‌و ئۆپۆزیســـیۆن‌و بەپێچەوانەشـەوە ئۆپۆزیسـیۆن‌و خەڵكدا نەماوە.

دەكرێ سەرەتا پێناسەیەكی كـورتی هـەردوو لایـەنی سـەرەكی دەسـەڵاتدار بكـەین. (پ.د.ك، ی.ن.ك) لەسـەرەتایی دروست بوونیانـدا بـەدوای یـەكتریدا هـەر یەكەو بەنۆرەی خۆی خاوەنی پێگەیـەكی فراوانی كۆمەڵایەتی بوون‌و شتێكی حاشا هەڵنەگریشـە میراسـێكی مێـژوویی وڵات پارێزییان لەپشتەوەیە.

ئـەم دوو هێـزە بەدرێـژایی مێـژوویان لەسـەر گۆڕەپـانی كوردسـتان بـەبێ هـیچ پڕۆگرام‌و پلانێكی زانستی چـەندین جارو لەچـەندین هـەل‌و مەرجـدا، دوژمنایـەتی‌و دۆسـتایەتی یـەكتریان كـردووە. تـاڕادەی یەكتری خواردن، یـەكتری پاراسـتن پـاش ڕاپەڕینی ئازاری 1991 هەردوو هێز وەك دوو بـرای میراتگـر لەخێزانێكـدا، بوونـە شـــەریك‌و برابـــەش لەدابـــەش كردنـــی دەســەڵات‌و هــەموو شــتێكی كوردســتان، هــەروەها بــە بەرنامــەو شــێوازی جــۆر بــەجۆریش كــەوتنــە پاكتــاوكردن‌و بــێ كاریگەركردنی هێزەكانی غـەیری خۆیـان. گەلی باشـووری كوردسـتان لـەماوەی ئـەم 15 سـاڵەدا سـەرەڕای ئـەو هـەموو مەینـەت‌و نادادوەرییـەی كـە بەسـەریدا تێپەڕی لەترسـی دێوەزمـەی داگیركـەری‌و لەدەست چوونی دەسكەوتە نەتەوەیەكان بەمەسئولیەتەوە دانـی بـەخۆییدا گـرت. بەپێچـــەوانەوە دەســـەڵاتدارانیش ئـــەم هەڵوێسـتەیان بـۆ قـایم كردنـی پێگـەی دەسەڵاتیان قۆستەو بـەكار هێنا. ئێستا دوای 15 ســـاڵ دەسڕۆیشـــتوویی‌و بەرپرسـیاریەتی مێـژوویی لەچارەنووسـی گـەل‌و نیشـتمان بـۆ هـەموو كـەس ڕوون‌و ئاشكرا بووە كـە ئـەم دوو هێـزە لەبابـەت باشـتر كردنـی بـارو بـژێوی‌و پێشـكەوتنی زانسـتیانەی ئاسـتی ژیـانی خـەڵك بەبنبەسـت گەیشـتوون‌و ئـەزموونی ئـەم ماوەی دەسەڵاتیان هەمووی خۆ دووبـارە كردنەوەیـەو هـیچ داب‌و نـەریتێكی نـوێی سیاسـی‌و كۆمەڵایـەتییان نەهێناوەتـە گۆڕەپانەكـە كـە مـرۆڤ بتـوانێ بـەڕیفۆرم نـاوی بـەرێ. هـەر ئـەم دیـاردەو هەڵوێستەشـە كـە بووەتـە هـۆی ئـەوەی تۆوی بێ متمانەیی لـەناو سـەرجەم تـاكی كۆمەڵی كوردستانیدا بڵاوبێتـەوە دەكرێ بەشێوەیەكی ڕونتر بڵێین: كـە ئـەمڕۆ نـە گـەل متمانـەی بەڕاسـت گـوێی دەسـەڵات هەیە، نەدەسەڵاتیش وەك جاران متمانەی بەگـەل مـاوە. دیـارە ئـەم ئەزمـەی متمانەیەش بەپلەی یەكـەم دەسـەڵاتداران لێـی بەرپرسـیارن. ئێسـتا كـار بـەوە گەیشـتووە ئەگـەر بەرپرسـێكی حزبـی‌و حكـومی لەشاشـەی تەلـەفزیۆن یـاخود لەگۆشەی ڕۆژنامەیـەك دەربكـەوێ‌و كـارە ئیجابیـەكان نیشـان بـدات‌و پاكانـە بـۆ سـلبیەكان بكـات‌و بـەڵێنی نـوێ بـدات، لەلایەن جەماوەرەوە متمانەی پێ ناكرێ‌و پـێش وەخـت زەڕب دەهێـزێت بەسـەر قسەكانیدا. دەسـەڵاتیش بەهۆی ئەوە كـە هەسـت دەكـات پێگـەو متمانـەی لـەناو خەڵكدا كاڵ بۆتـەوەو هـەموو ئـەو هـەوڵ‌و بەڵێنانەش كە دەی دات تەنانـەت هەنـدێ جـارو لەهەنـدێ شـوێن كـاری ئیجـابیش دەكـات، بـەڵام بـۆی بـەباش نانرخێنرێـت ناچـار بادەداتـەوە سـەر بـەكارهێنانی چەكی خۆپاراستنی ناڕەوا. خۆپاراستن، تـەنها بـەواتای لەدەست نـەدانی كورسـی دەسەڵات، تۆمەت باركردنی هەڵسوڕاوانی ئۆپۆزیسیۆن، بـەتابوری پێـنج، دەسـتی دەرەوەو گێرەشێوێن، تێكدەر. تەنانـەت ئەگـەر پێویسـت بێـت، زەبـری گوللـەو لوولەی تفەنگ‌و ڕاپێچ كردنـی زینـدانیش بـەكار دەهێنرێـت. ماوەیەكیشـە لێـرەو لـەوێ قسـە لەسـەر پراكتیـك كردنـی ئۆپۆزیسیۆن دەكرێـت. پرسیار ئەوەیـە لـــەكام زەمینـــەدا ئۆپۆزیســـیۆن ســـەرهەڵدەدات؟. ئایـــا پێشـــینەی ئۆپۆزیســیۆن چییە لەكوردستانداو چ پێگەیـەكی كۆمەڵایـەتی هەیە؟. من پێم وایە هێزەكـانی غـەیری (پ.د.ك، ی.ن.ك) لـەماوەی 15 سـاڵی ڕابـردوودا هـیچ ئامادەكاریـەكی ئـەكتیڤیان نـەكردووە بۆ كـاری ئۆپۆزیسـیۆنی. هەنـدێ لایـەنی سـەرەكی هەمیشـە لەیـەكێك لەبـەرەو بلوكی یەكێك لـەو دوو لایەنانـەدا جێگـەی خۆیـان گرتـووەو وەك سـێبەری ئـەوان حسـابیان لەسـەر دەكرێـت. بەشـێكی تریشیان بەهۆی پەرشی‌و بڵاوی‌و خۆ یەك نەخستنیان لەكاتی پێویست‌و گرنگدا، بێ كاریگـەرو دوورە پـەرێز كـراون‌و لەهـەل‌و مـەرجێكی وەك ئێسـتادا زۆر ئەسـتەمە بتوانن هیچ ڕۆڵێك بگێڕن. هەرگیز ناكرێ‌و نابێ حساب بۆ ئەوە نـەكرێ كـە ئیعترازو گازانـدەی بەشـێكی بـەرینی كۆمـەڵانی خـــەڵك لـــە لووتكـــەی هەڵچـــوون‌و تەقینەوەیـەكی ترسـناك دایـە. ئەگـەر بارودۆخەكـە بـەم جـۆرە بـێ چارەسـەر بمێنێتـەوە چاوەڕوانی ڕووداوی جـەرگبڕو مـاڵوێرانی نەتـەوەیی لێدەكەوێتـەوە. بـۆ پێش گرتن لە ڕووداوی لەم جۆرە لـەپێش هەر كەس ئەركی لایەنە دەسەڵاتدارەكانی كوردسـتانە كـە چارەسـەرێكی بەپەلـەو ژیرانـە بدۆزنـەوەو بیكـەن بـەوەڵام بـۆ هەموو ئەو بێ متمانەییەی لـەنێوان گـەل‌و دەسـەڵات‌و شۆڕشدا لەتەشـەنە سـەندن دایە....

2006–7–2